# رەهەندی چوارەمی فیمینیزم ,
# تیوری غەم لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال

**کازیوە ساڵح**

***ئەگەر ئەمڕۆ ژنانی کورد درك بە کەم و کوڕی لاسەنگیەکانی خەباتی خۆیان بکەن , بزانن پێویستە خەباتی خۆیان لە خەباتی کۆیلایەتی و ژێردەستی دەسەڵاتەوە بگوێزنەوە بۆ خەباتی خودی یان فیمینیستی , ئەو کات بیر لە یەکخستنی ماڵی ژنی کورد دەکەنەوە نەك بە پێی گرژ و خاوی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بەرژەوەندیەکان ئەوانیش پەیوەندیان بەهێز بێت , ئەو خەباتە فیمینزمیەش یەکێکە لە پێویستیە هەنوکەیەکانی جیهانی کوردی و فەرامۆش کردنی ئەو پنتەش ئەسپی خەیاڵی ژنان بە جیهانێکی یەکسان کە هەموو مافەکانیانی تێدا دەستەبەر بکەن بەرەوە هەڵدێر دەبات .***

***ئەمڕۆ ژنانی کورد ئەرکێکی زیاتر و قورستریان لە سەر شانە بەراورد بە ژنانی جیهان , چونکە ئەگەر سەرجەم ژنانی جیهان لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکاندا وەکو سێ تەوەری هاوبەش , هاوبەش بن , ئەوا لە غەمی ژنانی پاشماوەی ئەنفال و ژنانی پاشماوەی کارەساتی هەڵەبجەدا تەنها بەسەرهات و غەمی ژنی کوردە و تەنانەت ئەنفال ئەوەندەی لە سەر نەگوتراوە دەنگی پاشماوەکانی ئەنفال بگات بە جیهان. بۆیە کێشەی ئەوانە وەکو رەهەندی چوارەم و لە کێشەکانی تر گرنگترە و وەکو سێ رەهەندەکەی تر پێویستی بە کارکردن و لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنە هەیە , ئەوەش پێویستی بە عەقڵێکی زانستی فیمنستی دروست هەیە ,***

چونکە کێشەی ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەوە گەورەترە هێندە بە ساکارانە بخرێتە بەر باس و بۆچونی زانستی. وەکو ئاماژەم بۆ کرد پێویستە کێشەی ژنانی پاشماوەی ئەنفال و هەڵەبجە بخرێتە یەك تەرازووی بەرانبەر بە تەرازووی سەرجەم کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان , مەبەستمە بڵێم وەکو چۆن هەر سێ تیورە فیزیکیەکە کە لە زانستی فیزیادا هاتوە " درێژی و پانی و بەرزی بە سێ تیوری ناتەواو ژمێردرا لای ئەلبیر ئەنشتاین و بە دوای رەهەندی چوارەمەدا گەڕا و بەرجەستەی کرد کە رەهەندی کات " زەمەن " بوو , ژنی کوردیش ئەرکی خۆیەتی ئەمڕۆ متمانەی بەوە هەبێت کە ئەو سێ رەهەندەی تا ئێستا بۆی تێکۆشاوە وەکو رەهەندی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی , تێکۆشانێکی ناتەواوە و پێویستە بە دوای رەهەندی چوارەمدا بگەڕێت کە تیوری غەمە لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال , واتە لە داهاتوودا ژنی کورد بڵێت تێدەکۆشم بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری غەمۆکیەکانم , دەکرێ بگووترێ تیورە فیزیکیەکانی ئەنشتاین چ پەیوەندیکیان بە کێشەی ژن و ئەنفالەوە هەیە بۆیە دەمەوێ بچمە سەر تیورەکان و بۆچونی خۆم لە سەر مەسەلەی ژنانی ئەنفال و کێشەی ژن بە گشتی بەو تیورانەوە .بەلام بەر لەوە دەمەوێ لە سەر مەبەستە سەرەکیەکەی خۆم بدوێم کە تیوری غەمە.

## تیوری غەم

ئەگەر غەم و پەژارە وەکو تیوریەك دابنێین ئەو تیورەی کە لە سەدە دێرینەکانەوە زانایان و بیریارانی جیهان خۆیان لێ نەبواردووە و هەردوو میکانیزمی " تراژیدیا " و " کۆمیدیا " جێگەی بایەخ و باسەکانیان بووە, لە کورترین دەربڕیندا تراژیدیا غەمە و کۆمیدیاش شادی , زادەی بیر و هۆش و هەستی زۆربەی فەیلەسوفەکانی جیهان بووە , بەڵام تراژیدیا

مەودايەكی بەرفراوتتر و بوارێكی زیاتری لە بایەخ و تیورەكانیان گرتوە وەكو فكر و ئەدەب و زانست , ئەویش بە هۆی هاوتەریب بوون و وابەستەبوونی راستەوخۆی غەم بە چەمكەكانی تری مرۆڤايەتی و ژیانی مرۆڤ , وەكو خێر و شەڕ و راست و درۆ كارەساتە سروشتی و مرۆیەكان .
كەمیش نین ئەو زانا و بلیمەتانەی كە بە نووسەری كارەساتەكان و غەمەكانی مرۆڤ ناسراوون , وەكو بلیمەتان هیگل و نیتشە وفرۆید و ئەسخیلۆس ...تاد بیرمەندانە ئەو واتانەیان خستوەتە بەر تێبینی و روانگەی جیاوازی خۆیان , وەكو پراكتیك و وەكو لێكدانەوەی چەمكیش و بەستنەوەی بە ریالیستەوە , لە رێگەی كارە وێژەییە بالاكانەوە , نموونەی كەسایەتی نێو بەرهەمەكانی دیستۆفسكی , سارتر , ئەرستۆ , تۆلستۆی , كافكا , ستندال , گۆتە و مان و تاد كە تیوری غەمیان خستوەتە روو بەرانبەر بە بە غەم و پەژارە و هەستەكانی مرۆڤ وەكو خێر و شەڕ و خۆشەویستی و رك و قوربانی دان و خۆپەرستی , هەموو لە سەر ئەوە كۆكن كە غەم و كارەسات رەگێكیان لە سروشتی مرۆڤدا هەیە , بەلام ئەو غەمەی لە سروشتی مرۆڤدایە وەكو كۆمیدیا بەرامبەر بە تراژیدیا دەتوانین بلێین غەمێكی هونەریانەیە لە سروشتی مرۆڤدا , چونكە زۆر جار شێوەی مرۆڤ گوزارشت لە ناخی ناكات , هەر لە بەر ئەوەشە دەكرێ كەسێك هەلبژێریت بۆ رۆلێكی كۆمیدی و لە ناخدا غەمبار بیت و پێچەوانەكەشی , ئەمە پێی دەگوترێ غەمی خۆرسكی و سروشتی , جیاوازە لە غەمی كارەساتاوی یان مرۆڤی كارەساتاوی كە زانایان باسیان كردوە , هەروەها راڤەی غەم لای ئەو بیریارانەش كە باسمان كرد جیاوازە لەو غەمەی كە فەیلەسوفە هاوچەرخەكانی وەكو ئگلتۆن باسی دەكەن , ئەمەی دواییان تیورەكانی خۆی زیاتر لە رەهەندەكانی شەڕ و كوشت و بڕی و برسی كردن و تیرۆری سیاسی و ئەو ئاكارە دژ بە مرۆڤانەی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا زالن , قولبوەتەوە كە پێ ی وایە ئەو "كاتەی رووبەری غەمەكان بەرفراوانتر

دەبێت هەستیاری مرۆڤیش بەرانبەر چەمکەکە زیاتر دەبێت, کە سەردمە خوێناویەکان بە بە غەمبارتر و پڕ کارەساتر دەژمێردرێت " زۆر کەسیش بە هەڵە دژی مرۆڤایەتی سەبوری خۆی دەدات , بەڵام وەکو ئگلتۆن ئاماژەی پێکردوە سەدەی بیستەم سەدەی خوێن و شەڕ و وگێرەشێوێنی و پێچەوانەی دیموکراسی بوە .

مرۆڤیش وایدەبینێت کە شارستانیەت بەو شێوە کاولکارانە هەڵگەڕاوەتەوە بە سەر خۆیدا , بەرهەمی سەرمایەداریش دەبێ بە هۆی لە دایك بوونی رۆشنبیرانێك کە لە سەر بنەمای خۆویستی و پێگە مادییەکان جێگیر دەکەن .کەواتە لە هەموو روانگەکانەوە غەم واتە تەسلیم بوون ," نیکیت " لە واتای غەمدا کارەساتەکان بە گەڕانەوەی مێژوو بۆ بەر لە کارەساتەکان دەچوێنێت , کەواتە ئەو نەتەوانە و ئەو گەلەی تووشی کارەساتی گەورە و غەم دەبێت مێژوویشی لە رووی داب و نەریت و کەلتوور و فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی بەر لە مێژوو بەر لە درك کردنی مرۆڤ بە شارستانیەت و هیچ پێگەیەکی سیڤلی , وە ئەگەر ئێمە سەیری کوردستان بکەین یەکێك لە پلانەکانی ئەنفال گەڕانەوەی کورد بوو بۆ بەر لە مێژوو بۆ بنەمای دواکەوتویەتی و بێ جیاوازیەتی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ناو کوردا بە شێوەی نەگەتیڤەکە نەك پۆزەتیڤ ,چونکە ئەوەی رۆحی بەرگری بوو ئەنفالی کرد , لادێ و شاری بە یەکەوە تێکەڵ کرد و رەتکردنەوە و پەسەنکردنی دروست کرد لە نێوان دوو لایەن کە هەتا رادەیەك خەڵکی کورد بە گشتی عەشایەرگەرییە و نزیکە لە داب و نەریتی لادێ یەوە, بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە جیاوازییەکی باشیش نەبووە و ئەو تێکەڵاوکردنە زیانی بە ژیانی سڤلی کورد لە ناو شارەکاندا و ئابوری کورد لە دەرەوەی شار و داب و نەریتی گوند نشینەکان نەدا و لە سەروو غەمی خۆیانەوە تووشی شۆکێکش نەبوون ,لە لایەکی دیش کردنی بە دوو کۆمەڵ یەکێکان ئەو کۆمەڵەی کە

دەبێ لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی وەکو " نەسر و سمود " دا بژی و پێیان بگوترێ ئەنفال و لادێ نشین کە بە تێڕوانینە بەعسیزمانەی رژێمی دکتاتۆر واتە پلە سێی لە مرۆڤایەتیدا چونکە کورد خۆی ئەگەر پلە هیچ نەبووبێت پلە دوو بووە لە هاولاتی بووندا, بەڵام بۆ پاشماوەکانی ئەنفال هەوڵی داوە هەمیشە لە کوردە شارنشینەکانیش روناکیەکی گوماناویتریان بخاتە سەر و بە پلەیەك کەمتر بیانژمێرێت و لە دەروونی خەڵکیشدا ئەوە بچێنێت , ئەمانەش هەموو کاریگەری دەرونی لای هەردوو لا بە جێهێشتوە , کە کاریگەری هەبووە و دەبێت بۆ سەرجەم تیورە فیزیکی و رۆحیەکان لای مرۆڤ.

## غەم و تیورە فیزیکیەکان

باسمان لەوە کرد کە غەم کاریگەری دەروونی گەورەی لێدەکەوێتەوە , ئاشکراشە هەموو کاریگەریەکی دەرونی رەنگ دەداتەوە بە سەر تیورە فیزیکیەکانی مرۆڤدا , ئەوانەی کە ماسلۆ بە خواردن و خواردنەوە و سێکس دایاندەنێت ,بە پێی بۆچوونە زانستیەکانیش کەسایەتی کارەساتاوی ئەو کەسایەتیەیە کە لە نووسینە ئەدەبیەکاندا بە باشی خراونەتە روو , بە کەسایەتیەك دەژمێردرێت کە ( گرێی ئۆدیب ) ی هەبێت , بەڵام لە رووە زانستیەکانەوە زۆر جۆر گرێی جیاوازی هەیە ,کە سروشتی مرۆڤ بەرجەستە دەکات چونکە وێنەیەکی دووفاقی لە لا دروست دەکات وەکو وێنەی فریشتە و درندە , ئەو کەسایەتیە ترسناکە بووە بە هێمای کارەساتاوی بۆ مرۆڤایەتی کە هەڵگری کۆمەڵێك فاکتەری ناتەبا و تاریك و دووفاقە , زۆربەی زانایان لە دۆزینەوەی پەکیان کەوتوە , چۆن خود وپاڵنەرە راستەقینەکان خود و پاڵنەرە راستەقینەکانی پێش مامەڵە و کردەی کەسی خەمۆکەوەن , لە بەر ئەوەیە ئۆدیب کە توانیویەتی راڤە و

شیتەڵی کێشە دەرونیەکانی مرۆڤ بکات نەیتوانی راڤەی خۆی بکات , لە بەر ئەوەش فرۆید پێشنیازی ئەوەی کرد کە گرێی ئۆدیب وێنەی بەرجەستەکراوی سەرجەم مرۆڤایەتی یە بێ جیاوازی , ئەویش نەك لە بەر ئەوەی سەرجەم مرۆڤایەتی حەز بە کوشتنی باوك دەکات یان بونیاد نانی پەیوەندیەکی نامەشروع لەگەڵ دایك دا , چونکە کێشەی رووبەڕووبونەوەی ئۆدیب هێندەی پەیوەستە بە شوێنگە بابەتیکەی لە رێکخستنی رەمزەکاندا, لەگەڵ بیرکردنەوە ناڕیالستیەکان دەربارەی خۆی , یا خود جیاوازی نێوان ( ئەوی نوێنەری لای خەڵك و ئەوی نوێنەری لای خۆی ) , چوون ئەم جۆرە کەسایەتیە زۆر جار لە نێوان جەستە و ئیدراکدا دەژین , لە بیریارانیشدا شکسپیر زانایانە گوزارشتی لەو مەسەلەیە کردوە لە شاکاری ( ماکبت ) دا باس لەوە دەکات کە مرۆڤ هەستی پێدەکات نەك ئەوەی کە دەیڵێ , لێرەوە دەبینین لە دەربڕینە هەست پێ کراوەکانەوە نەك گوتراوەکانەوە گرنگی رزگار بوون لە غەم دەردەکەوێت , بە دوور خستنەوەی غەمیش گێڕانەوەی هەستپێکراوەکان ئاسان تر دەبێت و کێشی هەست پێکراوە نیگەتیڤەکانیش لە سەر دەروونی مرۆڤ کەمتر دەبێت ... هەر ئەو کاریگەریە راستەوخۆیانەیە هەر یەك لەو کردە سایکۆلۆژیانە دەبەستێتەوە بە بە چوار تیورە فیزیکیەکەی ترەوە کە درێژی و پانی و بەرزی و رەهەندی چوارەمیش زەمەنە , چونکە هەر یەك لەو تیورانە بە پێی کارلێکراو و کارلێکەرە دەرونیەکان کاریگەری پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی لە ناو کۆمەڵدا لێ دەکەوێتەوە , لە هەمان کاتدا کاردانەوە نەگەتیڤیەکانی مرۆڤ کاردانەوەی خراپی بۆ سەر ئەو تیورانە هەیە چ تیورەهکانی ئیبرەهام ماسلۆ و چ تیوریە رێژەییەکەی ئەنشتاین کە سێ تیورەکەی دیش لە خۆ دەگرێت , چونکە بۆ مرۆڤ هەمان گوزارشت دەگرنەوە و هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتی چەند سەرەپێنوسێك دەربارەی ئەو تیورە فیزیکیانەلە دەرەوە تیوری رێژەیی , هەروەها پەیوەست بوونی ئەو

***ڕەهەندانە بە ڕەهەندی چوارەم کە دەمەوێ ژنی کورد بۆ خۆی دابهێنێت , دەخەمە ڕوو بە گرێ دانیەوە بە کێشە فیزیکیەکان .***

## ڕەهەندی یەکەم : تیوری درێژی

***دیارە زەمەنەکان لەگەڵ پێکەوە بوون و پێشکەوتنی مرۆڤدا دۆزرانەوە, زەمەنی یەکەم کە درێژییە "TALL" تەنها لەگەڵ یەك ڕەهەندا یەك دەهاتەوە ئەویش لە پێویستیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرت , کە گەڕان بوو بە دوای خواردندا و تیرەکەی بەکاردەهێنا بۆ ڕاوکردنی نێچیرەکەی , ئەو تیر هەڵدانەش هلێکی ڕاست و یەك ڕەهەند دەبڕێت ئەویش درێژیە , کەواتە زەمەنی یەکەمی تیورە فیزیکیەکان کە پێی دەگووترێ درێژی لە سەر بنەمای پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە , کە ماسلۆش یەکەم پێداویستی بە خواردن داناوە وەکو سەرەکیترین پێداویستی مرۆڤ کەواتە هەردو تیورەکە لێك چوون , هەردوو فاکتەرەکەش گەر لە ڕابردوودا پابەندی توانای مرۆڤ بووە لە ڕاوکردندا , لە ئەمڕۆدا پابەندی بواری ئابوریە و لێرەوە دەتوانین بڵێین سەرەتای داواکردنی مافی ژنان لە سەرەتای سەدەی هەڤدەوە بە داواکردنی مافی ئابوری و یەکسانی کرێ و مانگرتنی کرێکاران دەستی پێ کرد کە ڕاستەوخۆ پابەندی نان و بژێوی ژیانە و پەیوەندێکی زۆری لەگەڵ هەردوو تیورە فیزیکیەکەدا هەیە , چونکە ئابوری ژنیش واتە تیربونی بەشێکی زۆری خواستەکانیان لە خواردن هەتا کەسایەتی ناو کۆمەڵ و خێزان و بەختەوەری خێزانی و متمانە بە خۆبوون , کەواتە تیوری یەکەم بۆ مرۆڤ واتای پێداویستیە خۆراکیەکان بێت , بۆ ژن واتای پێداویستیە مەعنەویەکانیش دەکات بۆیە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر دەروونی ژن و ژنی دەروون ماندویش کاریگەری دەکاتە سەر ئەو تیورە.***

# ژنانی پاشماوەی ئەنفال و تیوری یەکەم

گوتمان هەردوو تیور لە سەر ئەوە کۆکن کە یەکەم تیور خواردنە,هەموو مرۆڤێکیش درك بەوە دەکات و دەزانێت بە بێ خواردن ناژی بەڵام ئایە مرۆڤی غەمبار سوود لە خواردن وەردەگریت؟؟! بە پێی زانستی دەروون ناسی مرۆڤی غەمیار هەمیشە ماندوە , ئەگەر کاروباری جەسەدیشیان نەکردبێت ,ئەو ماندووبوون و پەژارەیەش کاریگەری راستەوخۆ لە خواردن دەکات , مرۆڤی غەمبار دەگات بە ئاستێك لە دڵەراوکی وپەژارە ریخۆڵەکانی تووشی سستێك دەکات کە فێتنامی خواردنەکان بە باشی نەگوێزیتەوە بۆ لەش ئەو دوو فاکتەرەش کاریگەری دەبێت بۆ سەر کاروچالاکی مرۆڤ و هەروەها سوری خوێن و دابەشبوونی خواردن و ئۆکسجین بە سەر لەشدا , هەربۆیە هەندی ئەندامی لەش تۆشی بەدخۆراکی یان کەمی ئۆکسجین دەبێت , ئەگەر هەموو لەش تووشی نەبێت , ئەو کاتەش هۆرمۆناتی لەش تووشی نارێکی و تێك چوون دەبێت , ئەو کات چالاکی جێ بە جێ کردنی کار تووشی زیان پێگەشتن وهەندێ جار لە ناوچوون و وون بوون دەبێت , هەر ئەوەش وادەکات مرۆڤی غەمبار هەست بە خاوی و قورسی لەش دەکات.

ئەو کەسانەی وەکو ژنانی پاشماوەی ئەنفال ماوەیەکی زۆر لە ژێر باری غەمدا دەمێنێتەوە خۆی درك بە چارەسەرکردنی خۆی ناکات (چونکە مرۆڤی خۆبەدەستەوە دەر بە غەم نازانێت پێویستی بە چارەسەرکردنە ) هیچ لایەن و دام و دەزگایەکیش خۆی ناکات بە خاوەنی بۆ چارەسەر کردنی لە دواییدا ئەو مرۆڤانە تووشی دۆخی ترسناکتر دەبن , جگە لەوەی نەخۆشیکانی جەڵتەی دڵ و سەکتەی دەماغ لە دەرگای ئەو جۆرە غەم و پەژارەیەوە لە دەرگای مرۆڤ دەدات , ئەمە و جگە لە هەناسە توند بوون و

***دڵ تەنگی هەست بە تورەی کردن  پێش خەوتن پاش لە خەو هەستان ئەمەش لە رووی زانستی پزیشکیەوە پێی دەڵێن " نەخۆشی ماندوێتی درێژ خایەن " و ماندوێتی  ئەو زانستەش پەژارە و ماندوێتی  بە تێك چوونی کردەی لەش ناوزەد دەکات کە لە رووی جەسەدی و فکری و مەعنەویەوە زیاد لە وزەی خۆی بەکار بردوە , ئەوەش واتای لاواز بوونی ئەندامەکانی لەش دەکات و ناتوانن بە ئەرکەکانی خۆیان وەکو پێویست هەستن, لێرەشەوەیە کە ئەندامەکانی لەش تووشی ئازار دەبن وەکو جمگەکان و دەمارەکان و قاچ و پشت , زۆربەی زانایانیش رایان وایە کە غەم و پەژارە ژنان زووتر و زیاتر توشی ئەو نەخۆشی و ماندوبونانە دەکات, ئەویش بە هۆی ئەو گۆڕانکاریە هۆڕمۆنیانەی تووشی ژنان دەبێت.***

***ئەگەر ئەوانەی گوتمان تەنها ئەو دێڕەی کۆتایشی لێ وەربگرین نەك هەمووی , بۆمان دەردەکەوێت بەشێکی زۆری ژنان ئالودەی ئازاری پشت و قاچ و جمگە و دمارەکان دەبن و کەم رۆژ بەر گۆیمان ناکەوێت ژنی کورد هاورێتی کە ئەژنۆی نانوشتێتەو ە و ناتوانێت بە رێگادا بڕوات و ئازاری جمگەکانی ژیانی لێ تاڵ کردوە, ئەگەر کەسانێکیش نەختێك لە ژنانی پاشماوەی ئەنفال نزیك بووبێتنەوە کەمیان هەیە دووچاری ئەو جۆرە نەخۆشیانە نەبووبێت کە باسمان کردن لەگەڵ نەخۆشی گەدەدا , بەڵام  بە دەگمەن ژنێك دەزانێت ئەو ئێش و ئازارانە سەرچاوەکەی  بە هۆی غەمەیەوەیە و غەمە ئەوی ئالودەی ئەو ئازارانە کردوە ,هەموو دەیگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کەسەرمایان بوە لە گەنجیدا یان لەو زەمەندا یان لە کاتی منالٚ بووندا ,هەتا ئێستا لە کوردستان غەمی مرۆڤ هێندە نەبوو بە غەمی پزیشکان و رۆشنبیران و رێکخراوەکانی ژنان کە هەوڵی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی غەمەکانی ژنانی ئالودە بووی غەم بکەنەوە یان رۆشنبیری زانستیان بدەنێ سەبارەت بە مەترسیەکانی, ئەمە وەکو لایەنی پزیشکی و دەروونی بۆ سەر ژن و پەیوەست بوونی ئەو***

*کاریگەریانە بۆ سەر خواردن و سوود وەرنەگرتن لە خواردن بە هۆی وەرنەگرتنی ڤیتامین لە لایەن لەشەوە . وە لە رووی ئابوریشەوە کاریگەری دیکەی هەیە .*

## زیادە رۆیی لە کڕیندا وەکو قەرەبوو کردنەوە

زۆر جار دەکریٚ ژنێك بۆ شتێکی ساکار بچێتە بازاڕ , بەڵام لە گەڕانەوەدا چەند کیسی گرتوە بە دەستەوە و کڕینیشی کردوە بە ئامانج , ئەو کردەیەش لە زانستی دەروون ناسیدا بە" ئارەزووی کڕین" ناوزەد دەکرێت, زۆرن ئەو بۆچوون لێکۆڵنەوە جیاوازانەی لە سەر ئەو مەسەلەیە کراوون , کە بە باوەڕی من هەندێکیان لە دەروونی ژنی کوردەوە دوورە , زیاتر باوەڕم بەو بۆچوونەیان هەیە , ئەو کەسانەی ئالودەی زیادەڕۆیی کڕین دەبن ئەو کەسانەن کە هەست بە تەنیایی و هەبوونی بۆشایی لە ژیانیادا دەکەن , تازەترین لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخات کە بە هۆی تینوێتی ئەو مرۆڤانەوەیە بۆ سۆز, واتە ئەو کەسانە پێویستیان بە سۆزە و لە سۆز دابڕاوون .

بەڵام دکتۆر یسری عەبدلحەسەن مامۆستای کۆلیژی پزیشکی دەروون ناسی , ئالودە بوونی ژنان بە کڕینەوە بە ئارەزووی گەشتن بە دەستکەوت و دەسەڵات دەچوێنێت , بەوەش زیاتر هەست بە متمانە دەکات بە تایبەت ئەگەر لە مێرد و کەس و کاری نزیك دابڕابن.

هەموو ئەو دەرئەنجامە زانستیانە دەری دەخەن کە ژنانی بەش خوراوی پاشماوەی ئەنفال لە هەموو ژنانی جیهان زیاتر پێویستیان بەوە هەیە بچنە بازاڕەوە و شت بکڕن , راستە زیادەڕۆیی لە کڕیندا زیانی ئابوری هەیە بەڵام قازانجی دەروونی هەیە هەتا ئەو رادەیەی کە مرۆڤ دەتوانێت خۆی چارەسەر بکات یان چارەسەر بکرێت , بەڵام ئێمە ئەگەر بە هۆی کەم

بایـەخی کۆمەڵەکەمانـەوە ئۆمێـدمان بـەو کـارە نەگەتیڤـەش هـەبێت کـە یارمەتی لایـەنی دەروونـی ژنانێکی غـەمبار بدات ئەگـەر لایـەنی کـەم وەکو متمانـە بـوون بـە خـودیش بێـت وەکـو لـەو لێکۆڵینـەوە زانسـتیانەدا دەردەکەون, بەڵام ژنانی پاشماوەی ئەنفال و مرۆڤەکانی پاشماوەی ئەنفال بە گشتی هێندە پشت گوێ خراوون کە ناتوانن پێداویستیە زۆر گرنگـەکان و پێویسـتیە کـانی خۆشیان بـە دەسـت بهێـنن , تەنانـەت غـەمی نـەبوونی ئازارەکانی لای ئەوان لە غەمی ئەنفال کەمتر نیە , بە تایبەت زۆریان پێشتر خـاوەنی بـاخ وبێسـتان و مـەڕو مـاڵات بـوون و لـە ئێستاشـدا جگـە لـەوەی ئەوانە هەموو تێدا چوون و هیچ پەرجوویەکیش نیە بۆی بگەڕێنەوە یاخود هاوکاری ویارمەتی ئابوری بدات بۆ گەڕانەوەی .

## ڕەهەندە دووەم : تیوری پانی

لە تیوری دووەمدا بە پێی شوێن و کات ئەو کاتـە هاتۆتـە بوون کـە مرۆڤ بـیری لـە کێڵانـی زەوی کردوەتـەوە , بـۆ ئـەوەی بـەرووبومی خـواردن لـە ڕاوکردنـەوە بگوێزێتـەوە بۆ کشـتوکاڵ , بـۆ مامەڵـەکردنیش لەگـەڵ زەویـدا پێویستی بە پێوەری پانی و درێژی هـەبووە بـۆ پێـوانی ڕووبـەری زەویەکـە هەر بۆیە هەردوو ڕەهەندی درێژی و پانی لەم تیوەرەیدا بە کارهێنران.

کەواتـە تیـوری دووەم لـە تیـوری بەرهـەم هێنـان و تێکۆشـانی لـە پێنـاوی ژیانـدا , خـۆراك سـەرەکیترین فاکتـەری بـوونی بـوو لـە تیـوری یەکەمـدا بەرجەستە کراوە, بەرهەم هێنانی خۆراکیش کە زامن کردنی تیوری یەکەم دەکات وەکو قۆناغی دووەم دێتە ژماردن , واتـە قۆنـاغی یەکـەم بیرکردنـەوە لـە کەرەسـتە و قۆنـاغی دووەم تێکۆشـان بـۆ بەرهـەم هێنـانی کەرەسـتە و قۆنـاغی یەکـەم , ئـەوەش سـاکارترین هاوکێشـەیە کـە ژیـانی مرۆڤـی تێـدا

بەرجەستە دەبێت .. ئەو دوو تیوەرش ئامانجی مرۆڤ بووە لە ساکارترین بارودۆخدا و لە سەرەتایی بوونەوە هەتا ئەمڕۆ.

## ژنانی پاشماوەی ئەنفال و تیوری دووەم

مرۆڤ بۆ ئەوەی بیر لە بەرهەم هێنان بکاتەوە پێویستە خاوەنی ئیرادەی بەهێز و خواستی بەرگری بێت بۆ ژیان , مرۆڤی غەمباریش ناتوانێت خاوەنی ئیرادەی بەهێز بێت , چونکە غەم سەرچەم فاکتەرەکانی هێز لاواز دەکات , لە باری ئاسایشدا نەك کارەساتی وەك ئەنفال بە غەم ئیرادەی بێ هێز دەبێت , لاواز بوونی ئیرادەش دەبێت بە هۆی لاواز بوونی دەسەڵات بە سەر پلانەکانی ژیاندا ,ئەو کاتەش دەسەڵات بەرانبەر هەر پرنسیپێکی ژیان شکست دەهێنێت و بەگریش نامێنێت .

هێزی بەرهەم هێنان لای مرۆڤ پابەندە بە خواستی بەرگرییەوە بەرانبەر ئەو قەدەرانەی مرۆڤ لە تیورە فیزیکی و کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان دادەبڕێت و خەونەکانی لە بار دەبات , بەڵام بۆ مرۆڤی پاشماوەی ئەنفال بەرهەم هێنان ستاتیکای شوێنیش لە خۆ دەگرێت, شوێنی رابردوو خاوەنداریتی بوو , ئەو شوێنە بوو ئەوی مرۆڤی لە سەر پەروەردە بوو , ئەوی شوێنیش بە دەستی ئەوی مرۆڤ گەشەی کردبوو بەرووبومی هەبوو , خاوەنی رابردوویەکی بەرهەم هێنەر لە ئێستادا بووە بە مستهلك , واتە خاوەنی ئەو شوێنە بووە کە بەرهەمی ژیانی خۆی تێدا بەرجەستە کردبوو وەکو لە تیوری دووەمدا هاتوە بۆ بەرگری کردن لە مانەوەی تیوری یەکەم . لەو کاتەوەی شوێن لە نەست و ژیانی پاش ماوەی ئەنفالدا , ئەنفال کرا , هیچ هەوڵێکی مرۆڤ دۆستانە نەدرا بۆ دروستکردنی هاندانیان بۆ سەر لە نوێ بونیادنانەوە , ئەو مرۆڤانە هەموو خاوەنی باخ وبێستان و مەڕو ماڵات بوون , پاش ئەنفال خاوەنی تەنها یادگاریەکانی هەبوون و ئەوانە هەمووی

بووه به خەیاڵ . بۆ سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەش توانای مادی ئەوان تەنها بێ ئومێدییان پێ دەبەخشێت و هاوکاری دەسەڵات و حکومەتیش لەوە باشتر نا و ئەوانەشیان کە توانای بەرهەم هێنانەوەیان هەبێت و لە رووی وزەوە ئەو توانایەی جارانیان نەماوە , وەکو ئەوەی پێشتر خێزانە کوردە ئەنفال کراوەکان هەموو خێزانێك لە چەند کەسێك پێك هاتبوون و هەموانیش دەزانین کە خێزانی لادێ نشین بە هەرەوەز و هاوکاری هەموو کارێك دەکەن , کارەکانیان دابەش کرابوو بە سەر چەند کەسێکی خاوەن ئیرادە و هێزدا ,نەك تەنها یەك کەس یان دوو کەسی واتە تاقانەکانی دوای ئەنفال کە هێز و ئیرادە و توانایان ئەنفال کراوە و ورد بوو لە ژێر باری غەمدا ... زۆریشیان ئاوات دەخوازن کە خاوەنی ئاژەڵ بن و بگەڕێنەوە لادێکەی خۆیان .

– بە گیانی ئەنفالکراوەکانم ئەگەر خاوەنی یەك تاقە مانگا بومایە ئەو رۆشتنەوەیە ئەڕۆشتمەوە بۆ لادێکەی خۆم هەتا مردن دوو پێم نەدەکردەوە بە سمودی کاولەدا .

ئەمە قسەی ژنیکی 45 ساڵە کە کوڕێك و مێرد و بوك و کوڕەزایەکی ئەنفالە , ئەمە نموونەیەکی ساکاری هەزاران خۆزگە و سوێندی هاوشێوەیە, بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیار نەبوە لای بەرپرسانی ئەو نەتەوەیە , ئایە ئەو قوربانیانەی ئەو ژنە و سەرجەم پاشماوەی ئەنفال لە ئاستی ئەو خۆزگە ساکارەدا نیە کە دەبێ بە هۆی جارێکی دی بونیادنان و ژیانەوەی ژیانی رابردو کە لای ئەو پابەندە بە ستاتیکای شوێنەوە و ئەوەش پاڵنەرێکی خۆرسکی دەروونی هەموو مرۆڤیکە , کەواتە کێ بووە بە هۆی کەلەکە بوونی غەمەکانی ئەنفال و هێندە بێ بایەخ سەیری دەکات,کە ناتوانێت غەمەکانی فەنا بوونی گشتی سووك بکات تەنها بۆ فەنا بوونی جەسەدی و ئەنفالی پانتای ژیان و شوێن و بەرهەم هێنانی بۆ قەرەبوو بکاتەوە .

# ڕەهەندی سێهەم : تیوری بەرزی

***ئەم تیورە کاتێك هاتە هزر و کاری مرۆڤەوە کە بیری لە دروستکردنی خانوبەرە کردەوە وەکو ئارامگەیەك بۆ ئەوەی تێیدا بحەوێتەوە و بەرهەمی تیوری دووەمی تێدا بخوات , بۆیە بیری بۆ ڕەهەندی سێهەم ڕۆشت کە بەرزیە و بە بێ ئەو بەرزیە نەیتوانیوە بیر لە هاوکێشە ئەندازیەکان بکاتەوە, پاش دۆزینەوەی هەر سێ تیوری درێژی و پانی و بەرزی گەشتوە بە وەڵامە ئەندازەیەکان کە چۆن دایبڕێژیت , ئەمەش ئەگەر وەکو زانستی کۆمەڵایەتی لێکی بدەینەوە کە ئەو تیورە فیزیاوییانە ڕاستەوخۆ بەستراون بە زانستی کۆمەڵایەتی و سەرەتای دەرکەوتنیشیان لە پێداویستی یە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتوە , نەك ماتماتیکی و فەلسەفیەکانی ئەوەمانە بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەر سێ تیورەکە تەواوکاری یەکن لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە و مرۆڤێکی ئاسایی پێویستی بە خواردن هەیە , بۆ ئەوەی بخوات چێژ وەرگرێت پێویستە شوێنگەیەکی هەبێت بۆ حەوانەوە , فاکتەری هاندەری تێکۆشان و بەرهەم هێنانە , خواستی بونیادنان , مرۆڤی لە ئەشکەوتە وە گواستەوە بۆ ئارامگەیەکی هێمن کە پرۆسەی ژیانی خۆی وەکو مرۆڤێکی سیڤلی تێدا جێ بە جێ بکات ...کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پابەندە بە تیوری شوێنەوە , کە کاریگەری ئێجگار گەورەی لە سەر دەروونی مرۆڤ و گەشەکردنە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکان هەیە و هەبووە . بە بنەمای بوونیشی دەژمێردرێت هەر بۆیە بەر لە هەموو تیورەکان درك بە تیورانە کران و دۆزرانەوە.***

# ژنانی پاشماوەی ئەنفال و تیوری سێهەم

ئەگەر تیوری بەرزی تەنها وەکو لایەنی زانستی تیۆری جیگە وەرگرتن ئەوا بەرزی لە بیرکردنەوەی بونیادنانی ئارامگەیەکەوە هاتوە , بۆ حەوانەوە کە خانووبەرە و هاوکیشە ئەندازەیەکانە,ئەوانەش لە نەستی مرۆڤی ئەنفالدا ئەو شوێنەیە کە بلدۆزەرە کانی بەعس خاپوری کردن و سوتاندنی ئەوان یادگاری تۆپ و تۆز و دوکەڵی سوتاندکەی بووە بەتاڵترین یادگاری لە لایان و یادگارە و شیرینەکانی دەسڕێتەوە .

بونیادنان لای مرۆڤی پاشماوەی ئەنفال بونیادێکی لە دەست چووە , کە غەمی لە دەست چوونی ئیرادەی مافی گەڕانەوەی لیٚ سەندنەوە , بە تایبەت ئەو مافەی دەچێتە خانەی مافی سروشتی یەوە کە لیفی شتراوس سروشتی بە هەموو ئەو فاکتەر و مافانە دەزانێت , گشتی یە و هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەکاندا , بنەمای هەبوونی مافی سروشتیش لە مێژووی فەلەسەفەدا دەردەکەوێت کە پابەندی هێز و توندوتیژییە.

لێرەدا مرۆڤی پاشماوەی ئەنفال توند وتیژی مافی سروشتی لیٚ دەستێنێتەوە و ئەوانەی سپینۆزا جەختی لە سەرکرد کە ئەو مافە رەتدەکرێتەوە بۆ " هەموو بوویەك مافی مانەوەی هەیە لە سەر بارودۆخی خۆی " , کە لە کارەساتی ئەنفالدا پێچەوانە کرایەوە و هەموو شتەکان مافی سروشتی لیٚ سەندرایەوە و سروشتی جەنگەڵی پێشکەش کرا,بینینی ئەو هەڵگەڕانەوەیە لە سروشتی دەوروبەر و شتە تایبەت و موڵکداریێتیەکان زۆر جار مرۆڤ تووشی نەهلستی و بیٚ ئومێدی دەکات , لەوەی کە ڕێسایەك هەیە بۆ گەڕانەوەی سروشتی شتەکان , لەوەی کە مرۆڤ مافی بوونی رۆحی خۆی و سروشتی دەوروبەری هەیە .

**تیوری سێهەم کە لە بیری دروستکردنی خانوو بەرەوە سەرچاوەی گرتوە لە ناوکۆمەڵی ئێمەدا کاریگەریەی لە سەر ژن زیاتر هەیە هەتا پیاو , چونکە جگە لەوەی سروشتی ژن هەبوونی ماڵ زیاتر دڵنیایی و متمانەی دەداتێ و زیاتریش عەوداڵی دروست کردنیەتی , بە تایبەت بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال لە بەر ئەوەی لادێ نشین بوون لە هەبوونی هەر سەرچاوەیەك لە ماڵی هاوسەرێتیدا یان باوکدا لە سەروەت و سامان و دەغڵ و دان و مەڕومالآت بەشی شێریان لە بەرهەم هێنانیدا هەبووە , لە هەموو جێ بەجێ کردنێکدا کاری قورس و زۆریان هاوشانی پیاو لە سەر شان بووە , جگە لەوەی کاری ژنی لادێ نشین بێ کرێ , واتە هاوبەشە و خاوەنداره لە هەر شتێك لە ماڵی پیاودا هەبێت گەرچی بە پێی یاسا دواکەوتوەکانی کۆمەڵی ئێمە ئەو مافەی نادرێتێ ئەگەر هەر گرفتێك هەبوو ,بەلآم بۆ خۆی بەردەوامی لە کار و قوربانیەکانی ژندا واتە ئەگەر بە یاساش لێی دوور بخرێتەوە بە هەست وا هەست دەکات هەرچیەك دەکات بۆ خۆی دەکات . واتە لە پێناوی بەرگری لە خۆیان و خێزانی خۆیان ئەو ئەرکە قورسە بێ بەرانبەرانەی کردوە , کە ئەمەیان بە پرۆسەی ئەنفال بێ رەحمانە بەرەو نادیار برا و خرایە چوارچێوەی کۆمەڵگەی زۆرە ملێ یەوە.**

**لە لای فاسلۆ تەوەری سێهەمی پێویستیە فیزیکیەکان سێکسە, سێکسیش لە ژیانی ژنی کورددا هەرەمەکیانە و ئارەزوومەندانە نیە , بەڵکۆ پاش هەڵبژاردنی هاوسەر و پێکەوە نانی خێزانە , بۆیە بۆ ژنی کورد تەوەری سێهەمیش هەر خێزانە و تەنها لە رێگەی خێزانەوە دەتوانێت بە و مافە بگات , بەلآم پاشماوەی ئەنفالەکان زیاتریان ژنن و زۆریشیان کاتی ئەنجامدانی ئەنفال گەنج بوون و لە لوتکەی بەرهەم هێنانی خێزانیدا بوون, کە مێردیان ئەنفال کراوە و ئیتر بە دیار ئومێدی گەڕانەوەیەوە تەسلیم بە غەم بووە , بە هیچ شێوەیەك بیری لە دروستکردنی خێزان نەکردوەتەوە بۆ جارێکی دی , کە ئەوە ساکارترین مافی خۆیەتی , دەکرێ بەشێکی بە هۆی**

**تەسليم بوون بووبێت بە غەم چونكە مرۆڤی غـەمبار بیر لـە نویٚ بوونـەوەی ژيان ناكاتەوە , لە بنەمادا ژيانی لیٚ دەبێت بە بـارێكی قـورس , لـە لايـەكی ديكەوە لە ناو داب و نەريتی دواكەوتووی كورددا ژن خاوەنی هيچ مافێكی سروشتی خۆی نيە , پێيـان وايـە ئەگـەر پيـاوانی پاشمـاوەی ئـەنفال ژنيـان هێناوە ئاساييە , چونكە بـە بۆچوونی ئـەوان پيـاون بیٚ هـەبوونی سـێكس نـاژين بـەڵام بـۆ ژن شـەرمە بـە هـيچ شـێوەيەك بـير لـە سـێكس بكاتـەوە و تەنانـەت خـەتەنەشی دەكـەن بۆ ئـەوەی لـە پيـاوی خۆشی چێژ لـە سـێكس وەرنـەگرێت و لـە مرۆڤايـەتی و لـە سروشـتی خـۆی دەربكـەن , خـۆ ژنێـك پياوی نەمێنێت وبير لە پێكەوە نـانی خـێزان بكاتـەوە ئـەوە بـە شـەرمەزارتر سـەيری دەكرێـت , لەگـەڵ ئـەوەی لـە نـاو كـورددا ئـابوری زيـاتر دەكەوێتـە سەر شانی پياو و ژن ناتوانێت هەروەها بە تەنها ژيانيش لەوە كێشـەترە , لەنێو كۆمەڵێكدا فەلسفەی ژيانيان لە سەر درۆ و تۆمەت و وتی وتی بـۆ ژن وەستاوە , ئەو هۆيانـە و زۆر هـۆی تـريش ژنـی كـوردی لـە ژنـانی تـر زيـاتر بەستوە بە مەسەلەی دروست بوونی خێزان و هەبوونی خانووبـەرە و مـاڵ , چونكە ژنی كورد لە دەرەوەی ماڵی باوك يان مێرد ژيانی مەحاڵە , هەربۆيە مـاڵ لای ژن واتــە ئــەو شــوێنەی تێيــدا هەســت بــە نــەوازش و متمانــە و دڵنيايی دەكات , ئەو شوێنە ئەگـەر لـە كيس بـدات بـەر دەمـی شـەرعيەتی جەنگــەڵ و وەحشــيگەريانەی كۆمــەڵ و قــەدەر دەكــەوێت . ئــەنفال واتــە هەڵوەشانەوەی خێزان بـوو , كـە وەكـو داب و نـەريت هـەموو بوونێكی ژنـی كورد دەگرێتەوە , وەكو تيوری ئەندازياريش لانـەی حەوانـەوە و ئاسايشـی دەگرێتــەوە , وەكــو پێويســتی فيــزيكيش ســێكس وكاردانــەوە رۆحيــە مەشروعەكانی خۆی دەگرێتـەوە , ئـەنفالی هاوكێشـە ئەندازەييـەكان , واتـە ئەنفالی چەند لايەنێك لە لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال .**

# ڕەهەندی چوارەم : تیوری کات " زەمەن "

زانای گەورە ئەنشتاین لە زانستی فیزیادا یەکەم و تەنها بیریارێك بوو بیری لە ڕەهەندی چوارەم کردەوە کە " زەمەنە " . وە گووتی ئەو کەونەی ئێمەی لە سەر دەژین لە چوار ڕەهەند پێك هاتووە , کە درێژی و پانی و بەرزی و کاتە , بە بێ ڕەهەندی کاتیش تیورە فیزیکیەکان ناتەواون , بەو شێوەیە ڕەهەندی چوارەمی خستە نێو پەیرەو و حساباتی خۆیەوە , ئەو جیاواز لە ڕەهەندەکانی تر کە دەتوانرێت ببینرێت و بگیرێت و نەخشەی بکێشرێت , ئەو ڕەهەندە زەمەنێکە نابینرێت بەڵام مرۆڤ تێیدا دەژی و هەستی پێ دەکات , وەکو یەکێك لە پرەنسیپەکانی بوون زەمەن دابەشکراوە بە سەر هەموو ساتەکانی بووندا کە 365 ڕۆژ دەکات لە ساڵێکدا لە سەر زەوی , بەڵام ئەو زەمەنە لە گەڵ ئەستیرەکانی دی جیاوازە, بۆ نموونە ساڵێك لە سەر ئەستێرەی " عەتارد " سێ مانگە بە پێی حساباتی ئێمە لە سەر زەوی, هەروەها لە سەر ئەستێرەی" بلۆتۆ " ساڵێك 248 ساڵە بە پێی ژماردنی ساڵ لە سەر زەوی , مرۆڤ کاتێك بیری بۆ زەمەن و پەی بردن بە زەمەن کرد کاتژمێری دروستکرد , پەی بردنیش بە زەمەن واتە ئۆرگانیزە کردنی کاروبار و ژیانی مرۆڤ و چوونە ناو ژیانە ڕەسمی و مۆدرینەکانەوە , واتە درك کردن بە پرۆگرامێك بۆ ئەوەی ژیانێکی پرژ و بڵاو کۆبکاتەوە و ئەرکەکانی دابەش بکات بە سەر ئەو زەمەنانەی کە گونجاوە بۆ بەرژەوەندی ئەوی مرۆڤ و لە وون بوونی زەمەنکانی نێوان شەو ڕۆژ و ئەرك وماف دا دەریبهێنێت بۆ ڕێکخستنی ژیان و دادەوەری لە ئەرك و مافدا و فاکتەرە سروشتیەکانی تری ژیان کە دۆزینەوەی زەمەن توانیوێتی ڕێکخەری بێت .

## ڕەهەندی چوارەم و ژنانی پاشماوەی ئەنفال

زەمەنی ئەنفالکردن زەمەنی توندو تیژی و تیکشکاندی سەرجەم ئەندازە و هاوکیشە فیزیکیەکانە , زەمەنیك , کاتژمیری تیدا دەگات بە 25 ی دوای زەمەن و بونیادنان و بەردەوامی و خواردن و ژیانی تیدا کۆتایی دیت , ئەو کاتەش بەردەوامی نامینیت زەمەنیش دەوەستیت , لە دەرئەنجامی بەرهەم هێنەرەوە دەوەستێت دەبێت بە زەمەنی ئیستهلاکی .
لە دەرەوەی تیورە فیزیکیە ریژەییەکەی ئەنشتاین دەتوانین بلین زەمەن دابەش دەکریت بە سەر رابردوو و ئیستا و داهاتوودا , مرۆڤ دەتوانیت بە تاڵ و شیرینەکانی رابردوودا بچیتە وە لە ژیر فیربوون و ئەزموونەکانیدا ئیستای جوانتر دروست بکات بە ئەندیشەی داهاتوویەکی بەرهەم هینتر و بەختەوەر تر , کە رەگی غەمی تیدا بکوژیت , بەڵام ئەنفال واتە فەنابوونی هەر سێ زەمەنەکە , چونکە ئەو درندەیە لە سەروو توندوتیژیشەوە بوو , لە کاتیکدا توند وتیژی واتە ئەو رەوتە قیزونەی کە هەموو جولەیەك لە باردەبات.زەمەنی پاشماوەی ئەنفالیش بەو شیوەیە لە بار چوو .

## _ زەمەنی رابردوو لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال

زەمەنی ئەرك و ماندوبوون و بی بەش لە ماف و سیڤلی ژیان , رابردوویەکی پر خەبات و تیکۆشان بۆ داهاتویەکی باشتر تیکەڵاو بە زەمەنی سفری لە ناوچون و فەنابوونی سەرجەم بوونەوەر و شتە ماتریالی و رۆحیەکانی ئەوان ی مرۆڤ , زەمەنی گۆرینی ستاتیکای زەمەن بۆ وەستانی هەموو ستاتیکایەکی بەرهەم هینەر ,بە فیرۆ چوونی هەموو

تیکۆشـانەکان, زەمــەنی کۆســتی رەش و بــی ئومیــدی ونەهیشــتنەوەی بوشـاییەك بـۆ بیرکردنـەوە جگـە لـە حەپەسـان و مڵەمـا بـوون بـە شـۆك , نەگەشــتن بــە وەڵامــی ئــەو پرســـیارانەی کــە مرۆڤــی چەپەســاو ســەرهەلدەدەن,بــەڵام ئــەوی چەوســاوە ناچــیتە لای چەوســینەرەکەی و بپرسیت بۆچی دەمچەوسینیتەوە چونکە چەوساندنەوە بە هەر شەرعیەتیك بیت نامەشروعە , جگە لەوەی توندوتیژی و فەنابوون وابەستەی هیچ ریسا و یاسایایکی جیگیر نیە , بەلکو هیزی ئاکتیڤ بوون لـەوەوە وەردەگریـت کە وابەستەی هیچ ریساییەکی جیگیر نیە هـەر لـە بەر ئەوەشـە ترسناکە و کاتیك رژیمیکی دکتاتۆر و بکۆژ ئەنجامی دەدات لە دەرەوەی هەموو بەهانە و مەشروعیەتیکی مۆرالیەوەیە...

## _ زەمەنی ئێستا لای پاشماوەی ئەنفالەکان

ئێستا پاشماوەی ئەنفال و ژنانی پاشماوەی ئەنفال زەمەنی برسیەتی و ورد بوون لە ژێر باری غەم و جارێکی دی حەپەسان بەرانبەر بە بیٚ وەفایی ئەوانـەی ئـەوان لـە پێناویانـدا ئـەنفال بـوون , زەمـەنی وون بـوون لـە نێـو دۆخێکی دووفاقی نیوە سیڤل و نیوە دێهاتی کە هیچیان لەگـەڵ غەمـەکانی ئەوان یەك ناگرێتەوە و برینی ئەوان سارێژ ناکات, مـرۆڤیش کاتێك خـۆی لـە نـاو کارەسـاتێکی ترسـناك و تۆقینـەری وەکـو ئەنفالـدا دەبێـت, هـەموو زەمەنەکانی بیرکردنەوە و ئیرادە و بەرگری و تەنانەت زەمەنی سۆزیش لە بزاوتن دەکەوێت , تەنها چارە بە خۆ بەدەستەوەدان یان هەڵهاتن دەزانێت , هـەر ئـەو پاڵنـەرە دەرونیـەش وایکـرد کـە هەنـدیٚ دایك و بـاوکی کـورد لـە ئـەنفال و هەڵەبجـە و کـۆڕەودا منـاڵی خۆیـان بـە جـی بهـێڵن ,کـە دەکـریٚ زەمــەنی ئێســتا لای هەنــدێکیان پێداچــوونەوەی رابــردوو و ســەرکونەی ویژدان بێت , کە گوناهی ئـەوی تێـدا نـەبووە , با بپرسین ئەگـەر مرۆڤێکـی

رۆژهەڵاتی کە بە سۆزدار ناسراوە لە لوتکە سۆزەوە بگات بە داوێنی بێ ئیرادەیی و خۆبەدەستەوەدان و بێ باکی یان بیر چوونەوەی بەشێکی گەورە لە خۆی لە پێناوی پاراستنی بەشەکەی تردا کە خودی خۆیەتی, دەبێ ئەو حەشرە تۆقینەرەی ئەنفالکراوەکان و مرۆڤەکانی پاشماوەی ئەنفال بینیوێتی چەند ترسناکانە کاریگەری خۆی لە سەر سایکۆلۆژیتیان چەسپاندبێت و چەند گران بێت لایان بە زەمەنی رابردوودا بچنەوە و بونیادی زەمەنی ئێستای نوێی لە سەر بنێن ؟ دەبێ واتای زەمەن چەند تۆقینەر بێت .

لە لایەکی دی هەندێ جار زەمەنی پەشیمانیە لە شۆڕش پاش ئاشکرا بوونی ئەو هەموو شۆرشی ساختە و وولات پەروەری ناڕاست و بێ وەفایی و مافخورانەیان , دەمەوێ لێرەدا تەنها شەهیدێك قادسیە صدامی دکتاتۆر و قوربانیەکی ئەنفال بکەم بە نموونە کە خۆم گوێم لێ بووە کاریگەریەکی لە سەر بە جێهێشتووم هەمیشە لەگەڵ هەر خیانەتێکی لایەنێکی کوردی بیرم دەکەوێتەوە و دووبارە دێتەوە بەر گوێم, ئەویش رای دوو ژنە لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا .

یەکەم ساڵی 1989یە, ژنێك بە یەکێکی دی دەڵێت کە پێ دەچێت ئێرەیی بەو هەموو خزمەتەی بەعس بەرێت کە خزمەتی ئەو خێزانە دەکات کە خاوەنی شەهیدێك بوون لە رووی عەقلیەوە هەندێك کێشەی کەمی هەبووە.

_ جا بۆ ( ) غەم دەخوات , خۆ نان نەبوو بیخوات شەهید بوونی کوڕە شێتۆکەکەی کە گیری خواردبوو بە دەستیەوە بۆی بوو بەخێر , پێی بوو بەخاوەنی لە بری خانوو قەسر و پارەی باش و سەیارە و نەخۆشخانە و عیلاج کردنی نەخۆشی بە خۆڕایی.

ژنی دووەم ژنێکی خاوەن دوو کوڕی ئەنفالە ساڵی 1996 و کاتی شەڕی برا کوژی , کە کەسێکی دی دەیەوێ بە چوونی کوڕەکەی بۆ ریزی

پێشمەرگایەتی هەندێك لە باری قورسی نەبوونیان لە سەر شان سووك ببێت , ئەویش لە وەلامدا ئەڵێ :

_ بەخوا ئەگەر لە برسان مردبم ناهێڵم کوڕەکەم ببێت بە پێشمەرگە , سبەینی ئەمیشم وەکو ئەوانی دیش تیاچوو چی بکەم و چی بێژم ,کێ منت ئەزانێ و کێ لێت ئەپرسێت , بۆ ئەوانی تر تراندیان بە لایەکماندا تا ئەگەر ئەمیشم نارد بترێنن بە لاکەی ترمانا .

ئەو بۆچوونە خۆرسکەی نێوان دوو ژنی نەخوێندەوار , دەربارەی دوو سیستم و دەسەلاتی جیاواز , کە ئەوە رای کەسانێك نەخوێندەوار و دوور لە سڤل دەکات و تەنها بە پاڵنەرە هەستیەکان ئەو قسەیە دەکەن , ئەی ئەگەر خوێندەوار و رۆشنبیر بن و لێکدانەوەی عەقڵیشیان بۆ کۆمەڵی دوا ئەنفال و هەڵوێستی سیاسی هەبێت بەرانبەر بە ئەنفال چی دەڵێن ؟؟ ئەو بۆچوونە ساکارە دەهێنێت کە بڵێن سەرجەم زەمەنکانی پاشماوەی ئەنفال سەرابێکە و تەنها رووبەروی خۆیان کراوەتەوە.

## _ زەمەنی داهاتوو لای پاشماوەی ئەنفالەکان

زەمەنی داهاتوو بۆ کەسانی پاشماوەی ئەنفال زەمەنی چاوەڕوانی کوشندە و دەست گرتن بە ئۆمێدی وەهمیەوە , مرۆڤی پاشماوەی ئەنفال هێندە بە سەختی دەرونیان تووشی شۆك بووە , لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان خۆیان لە زیندانەکانی ئەنفال گەڕانەوە , بە چاوی خۆیان دیبوویان بە دەیانیان لێ کراوە بە ژێر گڵەوە , لەگەڵ ئەوەی کە دەیان کەس شاهیدی ئەوەی دا کە ئەنفالکراوەکان زیندە بە چاڵ کران ,لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئومێدی ئەو کەسە دەکەوێتە نێو دەریا و دەست بە تەڵە پوشێکەوە دەگرێت بۆ رزگاربوون ئومێدیان بە خەیاڵی گەڕانەوەی ئەنفالکراوەکانیان ببوو بە ئومێدی زەمەنی داهاتوو , گۆڕینی زەمەنێکی ریالستی بۆ

زەمەنێكی نادیار و ناڕاست , كە غەمێك دروستی كردوە و زەمەنە واقعیكەی لێ دەگۆڕیت بۆ زەمەنێكی وەهمی .لە كاتێكدا مرۆڤ خاوەنی پرۆژە و ئامانج و خواستە , هەر چالاكیەكیش لەو چالاكیانە دەكەوێتە ژێر كاریگەری زۆربوون و یەكبون , پێچەوانەكەشی رسك بە ئامانجی ئەو كەسەوە دەكات كە ئامانجی تاكە كەسە , هەموو ئامانجێكیش پاڵنەری ئامانجێكی ترە كە لە میانەیەوە چارەنووس دەستنیشان دەكرێت .

## ڕەنگ لای ژنانی پاشماوەی ئەنفال

ڕەنگ زمانێكی دەربڕی دیكەی مرۆڤە , ئاماژە و واتای جیاواز دەدات بە بەرانبەر , زانستەكانی دەریانخستوە ژن دەتوانێت قسە بكات بە بێ ئەوەی یەك ووشە بدركێنێت , ئەویش لە ڕێگەی ئەو پەیامانەوە لە ڕێگەی ڕەنگ و شێوەی دەرەكیەوە دەیدات بە بەرانبەر , واتە لە ڕێگەی پۆشاكەكانیەوە .
"سیگمان مارتن" ی زانیار لە بواری چارەسەركردنی نەخۆشیە دەرونیەكان لە ڕێگەی ڕەنگەوە , لە لێكۆڵینەوەیەكیدا دەربارەی ڕەنگ و پەیوەندی بە مۆن" مەزاج" ی ژنەوە , دەریخستوە كە پۆشینی ڕەنگەكان چەندین كاریگەری پۆزەتیف و نەگەتیڤی لە سەر ئەو ژنە هەیە كە ڕەنگەكەی پۆشیوە هەروەها لە سەر كەسانەی دەورووبەری ئەو ژنەش , كاریگەری لە سەر كەسایەتی و هەتا مامەلە و بیركردنەوەشیان هەیە , هەربۆیە لیكۆڵینەوەكەی ناو ناوە " ڕەنگی پەسەندت ڕەنگدانەوەی كەسێتیتە " . هەروەها دكتۆرە حنان سالم مامۆستای دەروونناسی لە كۆلیجی ئاداب پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت كە هەر ڕەنگە كاریگەری خۆی هەیە لە سەر دەروونی مرۆڤ , بە تایبەت ژن , چونكە مرۆڤێكی هەست ناسكترە , هەروەها ئەڵی ئەو تیشكە نەبینراوانەی ڕەنگ دەیهاوێژێت كاریگەری گەورەیان لە سەر سەنتەرەكانی هۆش هەیە لە ناو مۆخی

***مرۆڤدا. من لێرەدا مەبەستم نیە باس لە کاریگەری چاك و خراپی سەرجەم ڕەنگەکان بکەم بەڵکو دەمەوێ بچمە سەر ڕەنگی مەبەست و بەکارهاتوو لای ژنانی پاشماوەی ئەنفالەکان کە ڕەنگی ڕەشە .***

***لە ئەنجامدا ئەوان و زۆر لە دەروونناسانی دی لە سەر ئەوە کۆکن ئەگەر ڕەنگی ڕەش لە ئاهەنگەکان و کارە ڕەسمیەکاندا نیشانەی برجوازیەت و ئاستێکی بەرزی کۆمەڵایەتی بگەیەنیت ,لە کاتی ئاساییدا و درێژ پۆشینیدا کاریگەری تیژ و ڕاستەوخۆی نەگەتیڤی لە سەر دەروونی مرۆڤ هەیە .***

***لێرەوە دەتوانین بڵێین ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەگەڵ غەمە قورس و سەختەکەی خۆیاندا بە پۆشینی ئەو ڕەنگە ڕەش و نیلی و تۆخانەی کە نیشانەو ڕەنگی غەمن پۆشینیان جگە لە کاریگەری خراپ هیچ کاریگەریەکی باشی نیە و لە بری ئەوەی هاوکاری خۆیان بکەن بۆ سووك کردنی باری غەمیان , لە سەروو غەمی ئەنفالەوە غەمێکی تریان بۆ خۆیان و ئەوانەی لە گەڵیاندا دەژین سەربار کردوە , ئەو ڕەنگانەش تەنها ڕابردوویەکی کەلتووری هەیە ,ئەویش ئەو نەریتە دواکەوتووەیە کە هەتا ئێستا لە ناو کورددا باوە ,ئەوەی کەسێکی لە دەست دا لە ناوخێزانەکەیدا ئیتر دەبێت ژنانی ناو ئەو خێزانە ڕەش بپۆشن , دیارە ئەو کەلتورە تەنها بۆ ژنە نەك پیاو وەکو ئەوەی تەنها ژن خاوەنی کارەساتەکان و دەرد و مەینتیەکان بن , کە لە کارکردندا ئەو تەنها بۆی هەیە کار بکات و ئەرك بە جێ بهێنێت نەك داوای ماف , لە شادیەکاندا خۆی داپۆشێ و تیکەڵاوی نامۆ نەبێت , لە غەمەکانیشدا ئەو قەرەبوو بدات , گوایە پیاویش غەم لە مردوویەك ناخوات ؟ , بۆچی دەبێت لەو کارەساتانەدا ژن خاوەنداریێتی وەرگرن بەڵام لە مافدا کۆیلەیەتی , واتە تەنها ئەرکیان هەبێت نەك مافیش بەرانبەر ئەرك , ئەو ڕەش پۆشینەش کەلتوری کورد نیە , بەڵکو کەلتوری عەرەبە کە جگە لە ڕەش پۆشین عابا و پەچە وحیجابی ڕەشیشیان داهێنا***

***بۆ ژن وەکو کوت و بەندێکی کاریگەر خراپ لە سەر هەست و دەروونی ژن , دیارە عەرەبیش لە باوەڕە ئاینیە دواکەوتوەکانەوە وەریانگرتوە کە هەندێکیان تەنها دەم و دەم وەرگیراوە نەك لە رێگەی قورئانەوە , چونکە تەنانەت بۆ ئەو ژنانەش کە موسڵمانن بە پێی بۆچوونە ئاینیەکان رەش پۆشین گوناهێکی گەورەیە , بەڵام پێدەچێت تەنانەت ئاینیش بۆ مافی ژن تەنها لە ماف لێ سەندنەوەدا حسابی بۆ بکرێت , بۆ ئەو لایەنانەی تر کە لە بەرژەوەندی دەروون و ژیانی ژندایە ئاینش پشت گوێیە بخرێت , دەنا ئەو کۆمەڵەی باوەڕی بەوەیە ژن لە ژێر بەرگی رەشدا بچەوسێنێتەوە... هەرگیز موسوڵمان نیە , لە کاتێکدا بۆ بیانوەکانی تر هەمیشە ئیسلامیان کردوە بە چەکوشێکی ئامادە بۆ سەری خەڵك .لە لایەکی دیشەوە عەرەبە توندڕەوەکان رەش دەپۆشن گوایە سەرنجی پیاو راناکێشت بە لای خۆیاندا, بەو شێوەیە تووشی گوناه نابن کە ئەوەش دووفاقی بە بۆچوونە سەرەکیەکە دەبەخشێت , ئیتر ئەو کەلتورە لای نەتەوەکانی دی باو نیە و زۆر لە کەلتورەکان لە چەند رۆژی سەرەتادا  پۆشاکی سپی دەپۆشن کە پێم وایە ئەوەیان پەسەند ترە بۆ رەشپۆشی مردن و دەکرێ سپی نیشانەی رۆح ببەخشێت , هەندێکیش تەنها هەفتەی یەکەم رەش دەپۆشن وئیتر لایدەبەن, تەنانەت لای هەندێ لەوانەی مەزهەبی شیعەیان هەیە تەنها چل رۆژ رەش دەپۆشن و پاشان بەگوناهی دەزانن ,  بەڵام ژنی کورد بەشی شێر و نرخی شێری داوە بە کەلتورە نەشیاو بێگانەیە ..ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژنی کورد لە هەموو ژنێك زیاتر خۆی بە دەستی غەم و نەریتە دەماودەمیەکانەوە داوە.***

# رەشپۆشی هێمای قەلەڕەشە

بە بۆچوونی من رەشپۆشی هێمایەکی زۆر کۆن و لە مێژینەی هەیە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی خەلیقە و پاش دروست بوونی مرۆڤ , چیرۆکی یەکەم کوشتن لە نێوان قابیل و هابیلدا , بە پێی ئەو چیرۆکە کە بۆ یەکەم جار ( قەلە رەش ) گۆڕی هەڵکەندوە , هەر لە بەر ئەوەشە ئەو جۆرە باڵندەیە بە شووم ناسراوە و زۆرجار لە ناو کورددا ,گوێت لێ دەبێ , کاتێك دەنگی قەلەڕەش لە شوێنێك هاتوەتە بەرگوێ یان بە سەر هەرێمێك, شوێنێك , ماڵێکدا گەڕاوە , گوتویانە بەڵایەك روو لەو شوێنە دەکات و تفیان بە رووی باڵندەکەدا کردوە , کەواتە دەکرێت رەنگی رەش لە سیمای ئەو قەلەڕەشەوە وەرگیرابێت بۆ مردن کە نیشانەی بەڵاو نەگبەتیە .

بەڵام خۆ قەلەڕەش نیشانەی بەڵایە و تفی بە روودا دەکرێت , بۆ دەبێ ژنیش بریتە ئاستی قەلەڕەش ؟! ئایە ژن هۆی کەوتنەوەی ئەو بەڵایە کە رۆڵی قەلەڕەش ببینێت بۆ چەندین ساڵ هێماکەی بپۆشێ ؟ ئایە ئەو ماڵە بۆیە تووشی بەڵا و کەس لێ مردن بوون چونکە ژنی تێدایە ؟ئایە ئەگەر قەلەڕەش شایانی تف لێکردن بێت و دوعا بکرێت جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ هەرێم و ناوچە و سەر ماڵ و خاکیان بۆ دەبێ ژن کە واتای بەرهەم و بوون و ژیان دەبەخشێت ئەو هێمایەك لەو باڵندە نەفرەت لێکراوە وەرگیرابێت هەمیشە بهێننە نەك سەر خاك و هەرێمی خۆی بەڵکو ناوماڵ و خێزان و ژیان و دەروونی خۆی؟

دوایی پێویستە ژن لە خۆی بپرسێت ئایە ئەو رەنگانەی نیشانەی غەمن لە کەلتووری کوردیدا و لە رووی زانستیەوە کاریگەری دەروونی خراپی هەیە کێشەکانیان چارەسەر دەکات یان قورستری دەکات ؟ نەك هەر رەنگی رەش بەڵکو تەنها پۆشینی یەك پۆشاك بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو رۆتین مرۆڤ تووشی بیزاری و غەم دەکات و هەست کردن بە تازە نەبوونەوە

و گۆڕانكاری له‌ ژیاندا ده‌به‌خشێت , له‌ لایه‌كی دی مرۆڤی غه‌مبار ئه‌گه‌ر بۆ ساتێكیش غه‌مه‌كه‌ی بڕه‌وێته‌وه‌ ئه‌و پۆشاكه‌ ره‌شه‌ وه‌بیردێنێته‌وه‌ كه‌ ئه‌و كه‌سێكی غه‌میاره‌ و هێمای غه‌مباری به‌ بالآی بڕیوه‌ نابێت شاد ببینرێت , نـه‌وه‌ك كۆمـه‌ڵگای دواكـه‌وتوو تانـه‌ی ئـه‌وه‌ی لێبـده‌ن كـه‌ مردوه‌كـه‌ی بیرچوه‌ته‌وه‌ چونكه‌ ئه‌وی ژن پێویسته‌ لایه‌نی كه‌م ساڵێك بچێته‌ ژێر به‌رگی ره‌ش و ئازیه‌ت باری و به‌شداری هیچ به‌خته‌وه‌ریه‌ك نه‌كات , ته‌نانه‌ت به‌ پێكه‌نینیش زۆره‌ , ئه‌مه‌شیان په‌یامێكه‌ بۆ خۆی نه‌وه‌ك له‌ ساتێكدا بیری بچێت كه‌ كه‌سێكی غه‌مباره‌ , له‌ لایه‌كی دی په‌یامێكه‌ بۆ به‌رانبه‌ر كه‌ ئه‌و كه‌سێكی غـه‌مباره‌ و ئـه‌و ره‌شـه‌ش ئـالآی غه‌مبارێكه‌یه‌تی و بـه‌و شـێوه‌یه‌ مامه‌ڵـه‌م له‌گـه‌ڵ مه‌كـه‌ن سـنوری غـه‌مباریم بشـكێنن , لـه‌ هه‌نـدێ ناوچـه‌ی گه‌رمیانیشدا 7 ساڵ ره‌ش ده‌پۆشن , بۆ ژنانێكیش كه‌ ته‌مه‌نیان ده‌گات به‌ مام ناوه‌ندی  له‌ چل ساڵی بۆ سـه‌ره‌وه‌ و تووشـی كاره‌ساتی مردنـی كـوڕ و كه‌س و كار ده‌بنه‌وه‌ ئه‌وا به‌ هه‌موو ته‌مه‌ن ره‌نگه‌ زیندوه‌كان قه‌ده‌غه‌ ده‌كات له‌ خۆی و ره‌نگه‌ مردوه‌كان ده‌پۆشێت .

## غه‌م و ئازادی تاك

ولیم جیمس كه‌ به‌ فه‌یله‌سوفی ئازادی و ئازادی ئیراده‌ی مرۆڤ ناسراوه‌ , هه‌روه‌ها به‌ فه‌یله‌سوفی بیری نوێی ئه‌مه‌ریكیش ناوده‌برێت , ووشه‌ی ئازادی تاك واتایه‌كی تایبه‌ت و زه‌نگێكی بالآ له‌ زمانی جیمس لێده‌دات , باوه‌ڕی وایه‌ له‌ ژێر خۆردا هه‌میشه‌ نوێ هه‌یه‌ , جیمس ئه‌ڵی" ئه‌و مرۆڤه‌ی  خۆی به‌ به‌نده‌كانه‌وه‌ ده‌به‌ستێته‌وه‌ له‌ یاساكانی فكر و كۆمه‌ڵگا و ئه‌و مرۆڤه‌ی كه‌ خاوه‌نی چالاكی و به‌رهه‌می زۆره‌ خۆی یاسایی خودی خۆیه‌تی " , چونكه‌ لای ئه‌و ئازادی واته‌ ئیراده‌ " Volition " ی تاك كه‌ كۆنترۆڵی به‌رژه‌وه‌ندی

خۆد دەکات , چونکە مرۆڤ هەموو یەکسانە و جیاوازی لە نێوان ئەم و ئەو دا نیە بە کاری سەرکەوتوو و سوود بەخش نەبێت .

ئیرادە و عەقڵ کە تەواوکەری یەکترن بە هەردوکیان دیاریکەری ئازادی تاکن , پەیوەندیەك نیە لە نێوان خودی خۆمان و مەسەلەیەك لە دەرەوەی عەقڵ , پەیوەندیەکە لە نێوان خودی خۆمان و حاڵەتەکانی عەقڵ.

بۆیە کاتێك مرۆڤ غەمبار دەبێت ئیرادەشی لاواز دەبێت , ئیرادەی لاوازیش واتە نەتوانینی حوکم کردن و ئیدارەکردنی خود , هاوسەنگ نەکردنی حاڵەتەکانی عەقڵ , ئەو مرۆڤەش نەتوانێت ئیدارەی خودی خۆی بکات دەبێت بە مرۆڤێکی کۆیلە , نەك ئازاد , بۆ هەموو هەنگاوێك پێویستی بە هاندەر و رێنمایی کەر دەبێت , ژنانی پاشماوەیی ئەنفالیش چەند جارێك ئازادییان زەوت کراوە , جارێك وەکو ئەوەی ژنن و سروشتیان زیاتر ئازاریان دەدات , جارێك رێسا کۆمەڵایەتیکان ژیانیانی زەوت کردوە , جارێك غەم و چاوەڕوانی بێهودە و دوا جاریش شۆك بوون بە وەرگرتنەوەی ئێسقان لە بری ئەو ئومێدەی چەند ساڵە چاوەڕوانی دەکەن , لەوانەش زیاتر ئەو بارودۆخە داسەپاوەی کە بە بێ خواستی و ئیرادەی خۆیان سەپێنراوە بە سەریاندا و تێیدا ماونەتەوە .

هەموانش لە سەر ئەوە کۆکین کە مرۆڤی غەمبار , مرۆڤی خاوەن ئیرادەی لاواز , مرۆڤێکی کە بەڕێوەبردنی خودی لە دەسەلاتی خۆی برابێتە دەرەوە بۆ دەسەلاتی تاکەکانی عەشیرەتەکەی و خێزان و تەنانەت دەسەلاتی کوڕە بچوکە هەرزەکەی ناتوانێت پەروەردکارێکی راست و دروست بێت و ئەو نەوەی ئەو پەروەردەی دەکات ئازادی تاك و ئازادی تێدا بەرجەستە ببێت, بەڵکو مرۆڤی مل دەر بە کۆیلایەتی پەروەردە دەکات , بە تایبەت کە لە سەرو مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیە داسەپاوەکان بە سەر پاشماوەی ئەنفالدا سەپاوە , پراکتیزەی توند و تیژی بۆ خۆی واتە هەوڵدان بۆ رامکردن و زەوتکردنی ئیرادەی , بۆیە ئەو مرۆڤانەی کە

رووبەرووی توندوتیژی قورس دەبنەوە ئەگەر بە بایەخەوە مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت لە دواڕۆژدا مەترسی لە سەر بەرژەوەندیە خودییەکانی خۆیان و کۆمەڵ دروست دەکات.

## فیمینیست و غەمی ئەنفال

پێشتر لە لێکۆڵینەوەکانی تردا باسم کردوە کە فیمینزم واتە زانستی ژنناسی ,زانستی ژنناسیش واتە لێکدانەوەی کێشەکان و مەسەلەکان و مافەکانی ژن لە چوارچێوەیەکی زانستیانە و مرۆڤانە و مۆدرینانە , بۆ هەر دۆخیك ژنی پێدا تێپەڕدەبێت , ئەو هەوڵانەش لە لایەن ژنەوە دەدرێت لە باشوری کوردستان کردەیەکی دووفاقیە و بێ لایەنانە نیە , هاوکاری کردن و کاربۆکردنیش بۆ نیوەی کۆمەڵێك , لەناو کوردا لە نیوەکەش زیاترە , دووچاری کاریگەریەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەرونیەکانی ئەنفال بووبێت بە بیروپۆچۆنێکی بەرژەوەندی خواستانە ناکرێت وەکو گروپی ژێر رکێف کەوتووی حزبەکان و حزبەکانیش لە بنەمادا هێندەی بەرژەوەندی خۆیان و هێندەی پەردە لە سەر دەستە رەشەکانی پشت پەردەش هەڵنەماڵدرێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن , بۆیە ژنانی پاشماوەی ئەنفال پێویستیان بە بۆچۆنێکی ژنانە و مرۆڤانەی جیاواز هەیە بۆ رزگار بوون لەو دۆخە چەق بەستوە , کە بە باوەڕی من فکری فیمینیزم باشترین دەرفەتە بۆ رزگارکردنی ژنان لەو بارودۆخە , هەروەها هەڵبژاردنی فکری فیمینیزم لە ناو کوردا پێویستە بەرنامە رێژییەکی نوێ و گونجاوی هەبێت,کۆمەڵی ئێمە پێویستی بە فیمینزمی ئەورووپی نیە و لەگەڵ کێشە وخواستەکانمان ناگونجێت , هەروەها پێویستی بە جۆری فیمینیزمی عەرەبیش نیە ,کۆمەڵی کوردی کۆمەڵێکی پەرش و بڵاو و فرە خاوەن و بێ دڵسۆزە , پێویستی بە پرۆگرامێك هەیە زیاتر مرۆڤانە بێت بۆ کۆکردنەوەی

ئەو پارچە ترازاوانە , ژنی کورد پێویستی بە عەقڵی فیمینیزم هەیە بۆ ئەوەی لەو وون بوون و پارچە پارچە بوونە بیانگوێزێتەوە بۆ گیانێکی یەکگرتوو کە بە تەنگ کێشەکانی یەکەوە بڕۆن , لایەنی کەم ئاوڕێکی لەژنانی دەرەوەی ئەو کارخانە لە باربەرە بداتەوە کە غەمی ژنانی پاشماوەی ئەنفالی تێدا دەکرێت بە کارتی بەرژەوەندی .

## تەنها ژنان دەتوانن فیمینیزم بن لە مەسەلەی ئەنفالدا؟!

ئەم پرسیارە مافی هەر مرۆڤێکە لە خۆی بکات , ئایە غەمی پاشماوەی ئەنفال تەنها غەمی ژنانە , یان سیاسیەکانە , یان هونەمەندەکان و دەوڵەمەندەکان و .. تاد؟ , یان فیمینیزم شتێکی جیاوازە و دەکرێ غەمی ئەنفال لە کۆڵ گرێت ؟ کە بە بۆچوونی من هەموو گرووپەکانی ناو کۆمەڵ بەرپرسن لە غەمی ئەنفال و هەمووشیان لە ناو بۆچوونی فیمینیستیدا جیگایان دەبێتەوە ئەگەر بتوانرێت بە دروستی دابڕێژرێت , ئێمە پێشتر گوتمان کورد پێویستی بە بۆچۆنێکی فیمینیزمیانەی جیاواز هەیە لەوەی لە ئەمەریکا و ئەوروپا و لای عەرەب هەیە , چونکە ئەو بیرە ژن لە بۆچونی هەرەمەکیانە دەگوێزێتەوە بۆ بۆچوونی زانستیانە , بۆیە کارێکی ئاساییە هەندێ پیاوی یەکسانی خواز و پسپۆر لە ناو گروپی فیمینیزمی دا هەبێت, بە تایبەت لە بوارەکانی زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و زانستی سیاسی و ئابوری , ئەویش لە بەر ئەوەی کۆمەڵی ئێمە زیاتر کۆمەڵێکی نەخوێندەوارە و کەم ژن هەیە دەستیان دابێتە پێنووس و لێکۆڵینەوە و هەبوونی ژن لەو بوارانەدا لە پەنجەی دەستێك تێناپەڕێت و ئەو ژنانەش کە دەستیان بۆ قەڵەم بردوە زیاتریان دەستیان بۆ قەڵەمی سۆزداری و کێشە بردوە کە تەنها بە شیعر و بە چیرۆك بتوانرێت دەرببڕدرێت نەك بواری فکری و زانستی , لە لایەکی دی ناکرێت فیمینیزم

تیكۆشـان بێـت بـۆ زاڵ كردنـی هـیچ بـەرە و ڕەگـەزێك بەرانبـەر ئـەوی دی ، پێویسـتە فكرێكـی یەكسـانی خوازانـە پشـت بـە كارەكـان بگرێـت ،بۆیـە ئەوانیش دەتوانن لێكۆڵینەوە ئەو بۆچوونانەی لە بەرژەوەندی كێشەی ژن بە گشتی و ژنانی پاشماوەی ئەنفالە بە تایبەتی بخەنە خزمەتی ئەو چینە بێ بایەخكراوەوە و ئەو پیاوانەش دەتوانن فیمستی بن .

چونكە لـە بنـەمادا گروپـی فیمنسـتی واتـە هـەبوونی گروپێك پسپۆری لـە هەموو بوارەكاندا هەبێت ، كۆمەڵی خەڵكی یەكسانی خـواز و زانستخواز و مافخواز كـە ئامانجیـان گـۆڕانی شـتە ناشـیرینەكان بـۆ جـوان ، هەڵـەكان بـۆ راسـت ، سازشـەكان بـۆ بـەرگری ، تەسـلیم بوونـەكان بـۆ یـاخی بـوون ، زیندووكردنەوە و هەژانی ویژدان بەرانبەر ناچیزەكانی جیهانی كوردی، بیر لـە هـەژار و قوربـانی و پـەراوێزخراوەكانی نـاو كۆمەڵەكـەمان بكاتـەوە نـەك ئەوانـــەی كـــە ئـــەوانی هـــەژار و لێقـــەماوی گەیانـــدوە بـــە هـــەژاری و لێقەومان،كۆمەڵێك عەقڵ خودیان بەرێوەبەرێت و بێ لایەنانـە خوێندنـەوە بۆ كێشەكان بكەن ، نەك بە سۆزی لایەنگری.

فیمینزمی كوردی پێویستە لە سەر ئەو بنـەما دابمـەزرێت هـەموو بـاوەڕی بەوە هـەبێت ئەوانـەی دەوروبـەری پێویستی بە قوربانی ئەو هەیە چونكە ئـەوی فیمینیـزم كەسـێكی زانسـت خـوازە و تێـدەگات ئـەو كۆمەڵـە و ئـەو گروپـەی وەكـو ژنـانی پاشمـاوەی ئـەنفال لـە كارەسـاتەكان گەڕاونەتـەوە لـە رووی سایكۆلۆژییەوە پێویستی بە چ جۆرە مامەڵەیەك هەیە ، چونكە ئەوی فیمینیـزم دەزانێـت ئـەویتری كۆمـەڵ چـەند بـە هـۆی یاسـا نادروسـتە كۆمەلایەتی و سیاسیەكان چەوساوەتەوە و دەزانێت چۆن راڤـەی دروستی هـەبێت بـۆی بـەرەو راسـتكردنەوە ، بـەو شـێوەیە پێویسـتە هـەموان بەرپرسیار بین بەرانبـەر ئـەوانی دی ، بەو شێوەیە دەتـوانین ئـەو كۆمەڵـەی دڕنـدەكان كردیـان بـە كۆمـەڵی گونـاه و رك گۆڕینـەوە بیكـەین بـە كۆمـەڵی خۆشەویستی گۆڕینەوە ، بەو شێوەیە وەكو كارامازۆف رِوونـی كردوەتـەوە

کۆمەڵـەکان دەبێـت بـە کۆمـەڵی سـەرکەوتوو ، ئـەرك و لێپرسـراوێتی و قوربانیەکانیش دابەش دەبێت بە سەر ئەوانی دیدا .

ئەمەش سیڤلێك نیە لە سەروو توانای مرۆڤەوە بێت , چونکە بایەخدان بە بەهاکانی دنیا بەرەو جیهانێکی مرۆیی تـر و لـە دایك بوونی بارودۆخێکی سڤلی دیاریکراو نیە کـە تـەنها هۆشیارییەکی بەرز و پێشکەوتووبهێنێتە ئاراوە , بەڵکو بە رێژەیەکی باشیش بایەخدان لە دەروونی مرۆڤدا شتێکی خۆرسکە و لەگەڵ بیرکردنەوەی جدی مرۆڤدا فەراهەم دێت.

## دەرئەنجام

کەلتووری توند و تیژی لە ناو عێراقدا لـە ساڵی ئەنفالـەوە دەستی پێ نەکردوە ,مێژووی توند و تیژی لەو وولاتەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1958 و ئەو خەسڵەتە بە بێ پرۆگرامی زانستی لە ناخی خەڵکی عێراقدا بە گشتی ناسـڕێتەوە بـە ئاسـانی , بـەڵام هـیچ تونـد و تیـژ و جـەختێك ناگـات بـە پەراوێزی توند وتیژی پاشماوەی ئەنفالەکان بینیوێتی , بۆیە پێویستە کۆمـەڵی کـوردی و ئـەو مرۆڤانـەی لـە خۆیـان رادەبیـنن بکەونـە خۆیـان بـۆ دارشـتنی پرۆگرامێك کـە کارەکتـەری سیاسـی تێدا وەردەرنـێن وبـە تـەنها خەسڵەتی مرۆڤبـوون و کۆمەلایـەتی بـوون ببێـت بـە کارەکتـەری ئامـادە و رۆحی مرۆڤەکان بگەیـەنێت بە شتێك لـە رازی بـوون , ئـەوەش بـە پـرۆژەی جدی و کاری بەرهەم هێنەر دێتە ئاکام ژنانی پاشماوەی ئەنفال لە ئێستادا وەکـو هـەنگاوێکی خێـرا پێویسـتی بـە چـەند هـەنگاوێك هەیـە بـە فکرێکـی فیمنستیانە جێ بە جێ بکرێت لەوانە:

1- ژنـانی کـورد لـە بـەر ئـەوەی رێژەیـەکی زۆریـان نەخوێنـدەوارن , زیـاتر باوەڕیان بە رەمزە ئاینیـەکان هەیـە و بـە نمرەی دووەم باوەڕی بـە پزیشك

هەیە بۆیە پێویستە هەماهەنگییان لەگەڵ پیاوانی ئاینیدا هەبێت بۆ روون کردنـەوەی هەنـدێ لایـەنی ئـاینی دەربـارەی هاوسـەرکردنەوە و پۆشـاکی رەش پۆشین لە ناو کۆمەڵی ئەنفالکراودا , بۆ ئەوانەی کە هێشتا گەنجن و هەموو ئەوانەش کە لە ساڵی درێژی چاوەڕوانیدا گوڵی تەمەنیان بە پایز بەخشـی چـەندێك قـەدەر تاوانبـارە بەرانبـەریان دوو هێنـدە دەسـەڵاتە کوردیەکان و رەمزە ئاینیەکانی کورد کە خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی هانـدەر نـەبوون بۆ ئـەو مەسـەلەیە , لایـەنی کـەم نـەك وەکـو مرۆڤ تـەنها وەکـو ئـەو بونەوەرەی کە دەبێت بە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئـەو نەوەیـەی نیـوەی بـەر ئەنفال و کیمیای و کوشت و بڕی کەوت و رۆشت .

2- هەبوونی چەندین جۆر کاری دەست بۆ ئەو ژنانە و هاندانیان بۆ چوونە ئـەو جێگایانـە, چـونکە سـەرقاڵ بـوون بـەو جـۆرە کارانـەوە یەکێکـە لـە فاکتەرەکانی ئارام بوونەوەی مرۆڤی غەمبار.

3- کردنی راپرسێك لەناو ژنانی پاشماوەی ئەنفالدا دەربارەی ئارەزوو و بایەخەکانی کە بۆی نەهاتوەتە دی , لە دەرەوەی گەڕانـەوەی کـەس وکـاری ئـەنفالکراوی , و پاشـان بە پێـی رێـژەی وەڵامـە لێـك نزیکـەکان ئـەو جـۆرە کـۆرس و دەورە و کارانـە لـە نـاو کۆمەڵگـە زۆرە ملیەکانیانـدا بەرجەسـتە بکریت.

4- کردنـەوەی یانەیـەکی وەرزشـی و بـە چـاودێری پزیشـکێکی پسـپۆر وەرزشـیان پـێ بکرێـت , چـونکە وەرزش یەکێکـە لـەو فاکتەرانـەی کـە کاریگەری غەم لە سەر دەماغ و دڵ کەمتر دەکاتەوە .

5- مانگانـە کۆکردنـەوەی زانستیانە بـەو ژنانـە و راڤە کردنـی زانستیانە

سەرجەم ئەو فاكتەرانەی كە دەبن بە هۆی ئێش و ئازار و ناساغی و چۆن زیاتریشیان لە غەمە وە سەرچاوەی گرتوە .

6- هەوڵدان بۆ دابینكردنی ئامیرەكانی زەوی كیڵان و تۆو بۆ چاندن و پێویستیەكانی تر ,كە ژمارەیەكی زۆریان تەنها تاقانەی بە جێماوی پاش ئەنفالن و یەك وزەش بە بێ هاوكاری هیچی بۆ ناكرێت .

7- هەبوونی هەماهەنگی لەگەڵ پزیشكە دەروونناسەكان و هەوڵدان بۆ بینین و چارەسەر كردنی هەر ژنێك كە لە ناو دەریای غەمی ئەنفالدا خنكاوە.

8-هاوكاریكردنیان بۆ بونیادناوە لە دێهاتەكاندا و گەڕانەوەی شتێكی كەم لە رابردوو.

9- هەوڵ دان بۆ باسكردنی ئەو باسانەی دەربارەیان نووسراوە و نووسینش لە سەر ئەنفال بە زمانێك ساكارتر بۆ ئەوەی بەشە خوێندەوارەكەی تێیبگات.

10- هەوڵدان بۆ باشكردنی باری ئابوریان و وەدەست خستنی ئەو ئابوریەی كە لایەنەكان بە ناوی ئەنفالەوە وەریدەگرن بۆ دەستی ریكخراوێك یان گروپێك كە ئەو كارانە ئەنجام بدەن و سوودەكانی بۆ ئەنفال بگەڕێننەوە نەك بۆ دەسەڵات و بۆ بەرژەوەندی كەسانی دەرەوەی بازنەی پاشماوەكانی ئەنفال.

11- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناو كەس و كاری ئەنفالدا .

ئەمانە و چەندین هەنگاوی تر پێویستی هەنوکەیین بەرانبەر بە پاشماوەکانی ئەنفال , بۆ گەڕانەوەی شتێکی کەم لەوەی هەیانبووە و هەروەها بەهێزکردنی ئیرادە و لاواز نەکردنی هەستی نەتەوایەتی و پەشیمان بوونەوە بەو هەموو بێ بایەخییەی بەرانبەر ئەنفال دەنوێنرێت , بەو هەنگاوە سەرەتاییانەی بەشێکی باش لە غەمەکانی پاشماوەی ئەنفالەکان سووك دەکەن و بەو کارەش نەوەیەکی ئێستا گەنجی ناو ئەو کۆمەڵە بەرەو ئیرادەیەکی دروست تر دەبن کە لە ناو ئەو ماڵە پڕ غەمانەدا پەروەردە بوون , بێ بایەخی دەسەڵاتە کوردیەکان بەو لایەنانەی کە سەروەری ئەنفالیان بۆ بگەڕێنێتەوە کە هەستی نامۆبونی ئەنفال بە نەتەوەی کوردی لا دروست کردوون . خۆ ئەگەر هەوڵ نەدرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و غەم و پەژارە و ناتەواویەکانی پاشماوەی ئەنفالەکان , ئەوا ئێمە کۆمەڵی خۆمان دابەش دەکەین بە سەر دوو کۆمەڵدا , یەکێکی ئەنفال کە خاوەنی کارەساتی و غەمی گەورەیە و لە ژیانی سڤلی دوورە و ئەوی تری دەرەوەی ئەنفال کە خۆی ڕێژەیەکی زۆری خەونەکانی خۆی بەرهەم دەهێنێت و لە هەموو هەنگاوێکدا پێویستی بە کۆمەك و هاوکاری نیە, ئەوەش واتای دروست بوونی دوو جۆرە کۆمەڵ دەکات لەناو پارچەیەك لە گیانی نەتەوەیەکی پارچە پارچە کراو , ئەو دوو کۆمەڵەش یەکێکیان نەوی و ئەوی تریان بالایە لە کاتێکدا پێویستە بایەخدان بە ئەنفال بگەیەنرێت بە رادەیەك کە کۆمەڵی پاشماوەی ئەنفالەکان هێندە بالا بکرێن شانازی بە ئەنفالکراوەکانی خۆیانەوە بکەن , نەتەوەی کوردیش هێندەیان شانازی پێوە بکات و بیانگەیەنێت بە ئاستێك کە ببن بە سمبولی کۆمەڵی کوردی . بەو شێوەیە شتێك لە غەمەکانیان بڕەوێننەوە.

**تێ بینی :**

**_ ئەوەی دەیخوینیتەوە سەرجەم بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە نیە , هەوڵدراوە بە زمانێکی ساکار بنووسرێت بۆ هەر ژنێك خوێندەواریەکی ساکاریشی هەبێت تێیبگات.**

**_ لەم نووسینەدا سوود لە زانستی دەروونی و پزیشکی و فیزیکی ئەوەندە وەرگیراوە کە مەبەستەکەم بگەیەنم و زۆر لایەن و بۆچوون پزیشکی و دەروناسی و فیزیکی بابەتی وروژاندن لەگەڵ باسکردنی هەر تەوەرێك لەوانەی من باسم کردوون , بەڵام ئەوە بە جێ دەهێڵم بۆ پسپۆرانی ئەو بوارە و ئەوان دەتوانن دروست تر دەربارەی بدوێن , کە خوازیارم بە وردی لێکۆڵینەوەی خۆیان لەو بارەیەوە هەبێت بۆ پاشماوەکانی ئەنفال .**

**ئەم سەرچاوانە سوودی لێ بینراوە:**

- **کیف تواجه التوتر العصبی؟ ....د.أ.عبدالوهاب السید سالم .**
- **الحریه وتجسید الوهم ......ولیم جیمس.**
- **البرت انشتین والنصریه النسبیه.**